# ڕۆڵی دەوروبەری زمانی لە گەیاندنی کاتی سینتاکسیی کرداردا "لە شێوەزاری خانەقیندا"

**محەمەد مەجید سەعید**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: muhammed.majeed@garmian.edu.krd

**قەیس کەمال ئەحمەد**
ئامادەیی ئەستێرەی کچان، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی خانەقین، گەرمیان، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: qays.kamal9@gmail.com

## ناونیشان و سنوری لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دەوروبەری زمانی لە گەیاندنی کاتی سینتاکسیی کردار)دایە، لێکۆڵینەوەیەکی سینتاگماتیکییە، هەوڵدانێکە بۆ پەسنکردن و لێکدانەوەی هەندێک دیاردەی سینتاکسی، پەیوەست بە دەوروبەرەوە، کە بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی پراگماتیکیە.

## ڕێباز و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی پەسنی_شیکاریی گیراوەتە بەر، نمونەکان ئەو ڕستە و دەربڕاوانەن، کە لە سنووری ناوچەی خانەقین، ڕۆژانە لە ئاخاوتن و قسەکردندا بەکاردەهێنرێت .

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە، ڕوونکردنەوەی ئەو هەندێک دیاردەی سینتاکسییە لە شێوەزاری خانەقیندا هەن و لە زار و شێوەزارەکانی تردا کەمتر بەرچاو دەکەون یان هەر نین.

## گرنگیی لێکۆڵینەوەکە :

گرنگیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، تا ئێستا لێکۆڵینەوەی لەم شێوەیە لە شێوەزاری خانەقیندا ئەنجام نەدراوە سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوە لە سینتاکس بە گشتی و هەندێک بابەت بە تایبەتی، بەبێ دەوروبەر (هێز – سیاق)، دەشێت کارێکی ناتەواو بێت و لە زۆر باریشدا بێ ئەنجام بێت، لەو سەرچاوانەی کە باس لە ڕێزمانی شێوەزاری خانەقین دەکات، لێکدانەوە سینتاکسییەکان بە دەوروبەری زمانییەوە پەیوەست نەکراون و تەمومژاوی و لێڵن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو پەیوەست کردنە دەخرێتەڕو، ئەوەش ئەم لێکۆڵینەوە لەوانەی پێش خۆی جیادەکاتەوە.

**کلیلە وشەکان:** دەوروبەر ، سینتاکس ، کردار ، پراگماتیک ، کات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## (1-1) پێناسە و چەمکی دەوروبەری زمانی(Context) :

دەوروبەر چەمکێکی فراوانە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر زمان لە ئێستا و ڕابردوودا هەیە، هۆکارێکە کە تەمومژی لەسەر هێما زمانییەکان لادەبات و لە تاریکییەوە بۆ ڕوونی دەیانگوێزێتەوە، واتە تاکە ڕێگایەکە، کە واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست(سیاق) ڕوندەکاتەوە. **(بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین (2013: 38)**

بە واتایەکی تر، ئەو زانستەی، کە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوربەر دەکۆڵێتەوە بە (پراگماتیک) دەناسرێت.**(عەبدولواحید موشیر دزەیی(2014)(١): 31)**، بەپێی بۆچوونی (فێرس–Firth) وشە کاتێک واتاکەی ڕووندەبێتەوە، کە پەیوەندی لەگەڵ وشەی تردا لە چوارچێوەی دروستەی فرێز و ڕستەدا هەبێت.**(احمد مختار عمر (1998): 68)**دەوروبەر بە گشتی بۆ چوار جۆر دابەش دەکرێت.**(بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین (2013 : 40 – 48)**.

١- دەوروبەری ڕۆشنبیری Cultural Context
٢- دەوروبەری دۆخ (بار) Situational Context
٣- دەوروبەری سۆزداری Emotional Context
٤- دەوروبەری زمان Linguistic Context

دەوروبەری زمانی(Linguistic context) ، کە ناوەڕۆک و کرۆکی لێکۆڵینەوەکەیە، لە بۆچوونی نوێدا، پێکهاتەکانی ڕێزمان (دەنگسازی ، ڕستەسازی، وشەسازی، واتا و واتالێکدانەوە)دەگرێتەوە. **(محەمەدی مەحوی (2001)(١): 1)**. هەر یەکەیەک لە پێکهاتەکانی ئاخاوتن (وشە یان ڕستە) واتاکەی بە پێی ئەو دەوروبەرە زمانییەکەی دەستنیشان دەکرێت، کە یەکە ئاخاوتنەکەی تێدا دەردەکەوێت، بەوەی کە واتاکەی دەبێتە بەشێک لە واتای گشتی دەوروبەرەکە، هەروەها واتای گشتی وتەکەش بەپێی واتای ئەو کەرەسانەوە دیاری دەکرێت، کە لە دەوروبەرەکەدا بەکارهاتوون، ئەگەرچی ئەو دوو مەبەستە جیاوازن، بەڵام هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن و دەچنە ناو یەکەوە. **(تالیب حوسێن عەلی (2014): 82)**

هەندێ لێڵی و تەمومژیی ڕستەیی، بە هۆی دەوروبەری سینتاکسییەوە دەڕەوێتەوە.**(امال السید محمد الامین (2016):٨١)**، مەبەست لە دەوروبەری سینتاکسی(ئەو دەوروبەرەیە کە پرۆسەی تێگەیشتنی تێدا ئەنجام دەدرێت، (کات، و شوێنی ئاخاوتن، ..... هتد).**(فوزیە طویرات(٢٠١٦): ٥)** ، چونکە (ڕستە وەک هێمایەک بۆ بیری مێشکی مرۆڤ، دوو دیوی هەیە، کە فۆرم و واتان. واتای هەندێک ڕستە لە سنووری خۆیدا لێکدەدرێتەوە، واتە کەرەستە پێکهێنەرەکانی لە تواناییاندا هەیە، بیرێک بە ڕوونی بگەیەنن، هاوکات کۆمەڵێک ڕستەی تر، بە هاوکاریی دەوروبەر واتاکانیان دەزانرێت و لێڵی لای مرۆڤ دروست ناکات). **(بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین (2013): 37)** هیچ گومان لەوەدا نییە کە، کاتی ڕێزمانیی (ڕابردوو و ڕانەبردوو)ی هەر ڕستەیەک بە هۆی نیشانەکانی کاتەوە دیاری دەکرێت، کەچی لە شێوەزاری خانەقیندا زۆر جار پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی کرداری (دالی) و (یائی) تەمومژی سینتاکسی دروست دەکات، ئەم تەمومژییە لە ئاخاوتندا بە هاوکاری دەوروبەری زمانییەوە (هێز) و (سیاق) واتاکەی دەڕەوێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**(١-٢) لێڵی و تەمومژیی سینتاکسیی لە کرداری (دالی) و (یائی)دا :**

هۆکاری دروستبوونی تەمومژیی سینتاکسیی لەم جۆرە کردارانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

١- لە شێوەزاری خانەقیندا هەر وەک زمانی فارسی (بکەر) و (کردار) لە کەس و ژمارەدا ڕێک دەکەون، کارەکە چ (ڕابردوو بێت، چ ڕانەبردوو):

ڕستە

| بکەر | بەرکار | کردار | |
|---|---|---|---|
| ئەوان | دزەگە | کوشتن | (خانەقی) |
| ئەوان | دزەکەیان | کوشت ڕابردوو | (سلێمانی) |
| ئەوان | دزەگە | کوشن | (خانەقین) |
| ئەوان | دزەکە | دەکوشن ڕانەبردوو | (سلێمانی) |

کۆ 3

واتە جێناوی بکەریی هەمیشە بە دوای کردارەوە دێت، بۆیە یاسای گواستنەوەی کلیتیکی نییە، ئەمەش وادەکات، (ڕستەی سەرتۆپی) و (ڕستەی ڕووکەشی یەکەم) هەمان فۆرمی بن، وەک لە نموونەی (1) و هێڵکاریی (1)دا، ئەزمونبەند دەکرێت.

(1)ئەو سالار لەلیدان. {ئەو سالار لێدان} (ئاستی قووڵ)

پرۆسەی بوونی پێشناوی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکس بە پێشناوی سینتاکسی

ئەو لە سالار داø ئەو لە سالار دای (ئاستی ڕووکەشی یەک)

یاسای گواستنەوەی کلیتیک

ئەو لە سالار داø ئەو لە سالاری دا (ڕستەی سەرتۆپ)

هێڵکاریی (1)

٢- لەم شێوەزارەدا تەنها یەک دەستە جێناو (م/ین) دەتوانێت ئەرکی (بکەر و جێگری بکەر) ببینێت.بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە (ش.خ)دا، **بڕوانە: (ئومێد بەرزان بەرزۆ (2006): 99) و (قەیس کەمال ئەحمەد (2015): 59).**

کلیتیکەکان(جێناوە لکاوەکان) لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، لە خشتەی (1)دا، بەپێی کەس و ژمارە ڕونکراونەتەوە:-



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| ژمارە | کەس | جێناوی کەسی جودا (شێوەزاری خانەقین) | جێناوی کەسی لکاو (شێوەزاری خانەقین) ١ | ٢ |
|---|---|---|---|---|
| تاک | یەکەم | من / مە | م | م |
| | دووەم | توو/تن/تە | ید/ي | د |
| | سێیەم | ئەو | Ø/د | ي |
| کۆ | یەکەم | ئیمە | یمن[11]/ین | مان |
| | دووەم | ئیوە | ن | دان |
| | سێیەم | ئەوان / ئوان | ن | یان |

خشتەی (١)

**(١-٢-١)دەستەی یەکەم : (م – ین):**

ئەم دەستەجێناوە زۆر چالاکە، ئەرکی (بکەر) و (جێگری بکەر) لە ڕستەدا دەبینێت و تەنها لەگەڵ کرداردا دێت و هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی کردارەوە، بە هەموو کاتەکانی ڕابردوو و ڕانەبردووی (تێنەپەڕ، تێپەڕ) و (بکەر دیار و بکەر نادیار)ی ڕاگەیاندن و دانانیەوە، وەک :

(2)ئەو خانییەگە فروشت) .Øئەو خانووەکەی فرۆشت).

(3)سیروان خەفت) .Øسیروان خەوت Ø).

(4)سۆران پارەگە تێرد. (سۆران پارەکە دەهێنێت).

(5)خانییەگە سوزیەد. (خانووەکە دەسوتێنرێت).

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە (جێناوی کەسی سێیەمی تاک) کۆمەڵی یەکەم دوو فۆڕمی هەیە (Ø) ...و (د)، ئەگەر کارەکە ڕابردووی (تێپەڕ و تێنەپەر) بێت، ئەوا بۆ کەسی سێیەمی تاک جێناوی لکاوی (Ø) بەکاردەهێنرێت، بڕوانە نموونەی (2) و (3) و ئەگەر کارەکە ڕانەبردووی (تێپەڕ و تێنەپەر) بێت، ئەوا بۆ کەسی سێیەمی تاک جێناوی لکاوی (د) بەکاردەهێنرێت، بڕوانە نموونەی (4) و (5).

**(١-٢-٢)دەستەی دووەم : (م – مان):**

ئەم دەستەیە، لە ڕستەدا، هەرگیز بە کۆتایی کردارەوە نانووسرێت، بەڵکو لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا دێت و هەموو ئەرکەکانی بەجێ دێنێ، جگە لە بکەر و جێگری بکەردا نەبێت .

(6)من پارەگەد ناردم. (من پارەکەتم نارد).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**(٢-١)دروستەی کرداری (دالی):**

کردار و یاساکانی داڕشتنی گرنگترین لایەنی ڕێزمانن. لێرەدا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی لێڵی و تەمومژیی لەو جۆرە کردارانە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا، پێشنیازی ئەوە دەکەین، کە نیشانەی (') بۆ هێز لە کاتی ڕانەبردوودا بەکاربهێنرێت، وەک: (ڕابردوو = سەند، نارد)، (ڕانەبردوو= سە/نَ'د , نا/ر'د).

زانینی هەر زمانێک تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە زانین و جیاکردنەوەی کاتە جیاوازەکانی ئەو زمانەوە. بۆ جیاکردنەوەی کاتە ڕێزمانییەکانی هەر زمانێک دەبێت دروستەی کرداری ئەو زمانە بخرێتە بەرچاو. لە (ش.خ)دا دروستەی (کرداری دالی) لە کاتی (ڕابردوو و ڕانەبردوو) بۆ کەسی سێیەمی تاک، لە ئەلفوبێی عەرەبیدا تەمومژیی سینتاکسی دروست دەکات. بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی لێڵی و تەمومژیی لەو جۆرە کردارانە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا، پێشنیازی ئەوە دەکەین، کە نیشانەی (') بۆ هێز لە کاتی ڕانەبردوودا بەکاربهێنرێت، وەک: (ڕابردوو = سەند، نارد)، (ڕانەبردوو= سە/نَ'د , نا/ر'د).

بەڵام کردارەکانی (خواردن، کردن، هاوردن) بەر ئەم یاسایە ناکەون، ڕەگی ڕابردوویان (خوارد، کرد، هاورد)ە و ڕەگی داهاتوویان (خوە، کە، تێر)ە، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ کەرەسە پێکهێنەرەکانی ئەو جۆرە کردارە لە دەمی (ڕابردوو و ڕانەبردوو)دا، بڕوانە یاسای (1) و (2):

| |
|---|
| **ڕابردووی کرداری دالی = ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو /- د/ + ج.ک.3** |

یاسای (١)

| |
|---|
| **ڕانەبردوو کرداری دالی = ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو + / Ø / ج.لکاو.3تاک** |

یاسای (٢)

٧- أ – سەن + د = Ø + سەند) sand (ئەو خانی سەند / sand ئەو خانووی کڕی).

ب- سەن + Ø + د = سەند ) sanid (ئەو خانی سەند / sanid ئەو خانوو دەکڕێت).

٨- أ- نار + د = Ø + نارد) nard (ئەو پارە نارد/ ئەو پارەی نارد).

ب- نار + Ø + د = نارد) narid (ئەو پارە نارد/ ئەو پارە دەنێرێت).

٩- أ- مر + د = Ø + مرد) mird (ئەو مرد/ ئەو مرد).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ب- مر + Ø + د = مرد ( mirid )          (ئەو مرد/ ئەو دەمرێت).


لە نموونەی (7) و (8) و (9)دا دەردەکەوێت، کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا، کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو لەم جۆرە کردارە لە سیمادا یەکن، کەچی لە ئەلفوبێی لاتینی(sand /sanid) ، (nard/ narid)، (mirid/mird)بە هۆی بوونی نیشانە بۆ ڤاوڵی کورت (بزرۆکە_i) دەتوانرێت ئەو دوو کاتە ڕێزمانییە لەیەک جیابکرێنەوە .

## (٢-١-١)ڕۆڵی هێز لە گەیاندنی کاتی ڕێزمانیی (کرداری دالی)دا:

توێژەرانی دەنگسازی بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی، کۆک نین لە پێناسەکردنی هێز(Stress) دا، بەڵام لە فۆنەتیکدا بە گشتی، گوزارشت لە ڕادەی ئەو توندییە دەکرێت، کە دەکەوێتە سەر برگەیەک لە برگەکانی وشە.بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هێز بڕوانە:(**وریا عومەر ئەمین** (2009): 284 – 288)و(**سەباح ڕەشید** (2000):48)،واتە ئەو وشەیەی، کە بریتییە لە دوو بڕگە یان زیاتر.

هێز وەک مۆرفیمێکی ئەبستراکت، لە کردەی لەیەکترگەیشتندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر و (لە زۆربەی ئاستەکانی شیکردنەوەدا لێی دەکۆڵرێتەوە. لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا، وەک فۆنیمێکی ئەبستراکت لێکدەدرێتەوە، کە سیستەمێکی دەنگی زۆر گرنگە لە زماندا، بێ ئەوەی لە نووسینی ئاساییدا، هیچ نیشانەیەکی بۆ دیاری بکرێت).(**بازیان یونس محیّدین** (2009): 101)، شیکردنەوە بە هۆی ئامێری (Sound spectrograph) دەری دەخات، کە هێز لەسەر بزوێنی هەموو برگەکانی وشەدا هەن، بەڵام لەسەر هەر یەکەی بەڕادە و پلەیێ.(**وریا عومەر ئەمین** (2009): 285)


هێز لە (شێوەزاری خانەقین)دا ڕۆڵێکی هەرە باڵای هەیە لە گەیاندنی کاتی ڕێزمانیی کرداری دالیدا، بە هەمانشێوە لە زمانی فارسیدا لە دەمەکانی(گزشتەی استمراری و حال استمراری)ی هەندێ کار لە ڕێگەی هێزەوە لەیەک جیادەکرێنەوە، وەک: (باختن، خوردن)، **بڕوانە: احسان قبول** (1394): 112)، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەدا، چونکە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، دروستەی (کرداری دالی) لە کاتی (ڕابردوو و ڕانەبردوو) بۆ کەسی سێیەمی تاک، تەمومژیی سینتاکسی دروست دەکات. ئەم لێڵی و تەمومژییە سینتاکسییە لە قسەکردندا بە هۆی دەوروبەری دەنگییەوە (ڕابردوو/mird ڕانەبردوو (miridدەرەوێتەوە، واتە (لە گواستنەوەی هێزدا، یان بە گۆڕینی شوێنی هێز لە برگەیەکەوە بۆ برگەیەکی دیکە، واتای جیاواز دێتەئاراوە).**ئەورەحمانی حاجی مارف** (1976): 70). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە (قسەکردن وینەی ڕاستەقینەی زمانە و چەندین شتی شاراوەمان دەداتێ، کە لە نووسیندا دەرناکەوێت).(**عەبدولواحید موشیر دزەیی** (2012): 23 – 24)، بڕوانە ڕابردوو و ڕانەبردووی کرداری (مردن) لە وێنەی (1) و (2)دا :





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

وێنەی (1)، هێڵکاریی ڕابردووی کرداری مردن (مرد)



وێنەی (2)، هێڵکاریی ڕانەبردووی کرداری مردن (مرأد/دەمرێت)

لە وێنەی (1)دا دەردکەوێت، کە ڕابردووی کرداری دالی(mird/مرد)، بۆ کەسی سێیەمی تاک یەک بڕگەییە و قاڵبە فۆنۆلۆجییەکە(cvcc) یە، بەڵام لە ڕانەبردوودا(mirid/دەمرێت)، کردارەکە دەبێتە دوو بڕگەیی قاڵبە فۆنۆلۆجییەکەی دەبێتە(cvc/cv) ، بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو کاتە ڕێزمانییە لە ئاخاوتندا هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر بڕگەی دووەم، بڕوانە وێنەی (2)، بەو پێیە گۆڕینی شوێنی هێز لە کرداری (مردن)دا، واتای ڕێزمانیی جیا دەدا بە دەستەوە، بەواتایەکی تر کاتێک هێز لەو جۆرە کردارانەدا لەکار بخرێت تەم و مژیی سینتاکسیی دروست دەکات، گەڕاندنەوەی هێزەکە تەم و مژییەکە دەڕوێنێتەوە .

ئاشکرایە، کە گۆڕینی شوێنی هێز لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر، بە هەڕەمەکی نابێت، بەڵکو پەیوەندی بە واتا و (فۆنۆتاکتیک)ی زمانەکەوە هەیە، مەبەست لە فۆنۆتاکتیک: ئەو یاسایانەن، کە ڕیزبوونی دەنگەکان لە ناو چوارچێوەی بڕگەیەکدا یان وشەیەکدا دیاری دەکەن، **بڕوانە: (محەمەد مەعرووف فەتاح (1990): 76)** بۆ نموونە یاسایەکی فۆنۆتاکتیکی کوردی ڕێگە بەوە دەدات، کە (ئەگەر دەنگێکی نەبزوێن، کەوتە نێوان دوو دەنگی بزوێنەوە، ئەوا نەبزوێنەکە لەگەڵ بڕگەی دووەمدا دەڕوات، بە واتای ئەوەی، کە دەبێتە پارچەی پێشەوەی بڕگەی دووەم).**(هەمان سەرچاوە لـ (76))**

، بڕوانە دەنگی {ن ، ر} لە خشتەی (2)دا.

| (شێوەزاری خانەقین) | (کرمانجیی ناوەڕاست) | ناوی ڕووداو |
|---|---|---|
| – بسمارەگە /کەند/kand<br>بسمارەگە /کە/نـ'د/kanid | – بسمارەکەی هەڵکەند.<br>بسمارەکە هەڵدەکەنێت. | کەندن/هەڵکەندن |
| – دزەگە /گرد/gird<br>دزەگە /گـا/ر'د/girid | – دزەکەی گرت.<br>دزەکە دەگرێت. | گردن/گرتن |
| – پارەگە /نارد/nard | – پارەکەی نارد. | ناردن |

| | | |
|---|---|---|
| پارەکە /نا/ر'د/narid | پارەکە دەنێرێت. | |
| – خانی /سەند/sand<br>خانی /سە/نـ'د/sanid | – خانووی کڕی.<br>خانوو دەکڕێت. | سەندن/کڕین |
| – لە ماڵ /مەند/mand<br>لە ماڵ /مە/نـ'ـد/manid | – لە ماڵ ماوە.<br>لە ماڵ دەمێنێت. | مەندن/مانەوە |
| – کەلوپەل /شوورد/shûrd<br>کەلوپەل شوو/ر'د/shûrid | – جل و بەرگی شت.<br>جل و بەرگ دەشوات. | شووردن/شتن |

خشتەی (2)

ڕستەکانی خشتەی (2) لە ئەلفوبێی عەرەبیدا (هاوبێژن).**بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر (2000 : 40) و مەعرووف فەتاح (1990 : 170) و (دارا حەمید محمەد (٢٠١٠):١١٧-١١٩)**، لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەر یەک لەو ڕستانەدا، دوو کاتی ڕێزمانیی جیاواز (ڕابردوو، ڕانەبردوو) دەگەیەنێت، بە بیستن لێڵییەکەی دەڕەوێتەوە. لە ئەنجامی ڕووبەڕووکردنی مۆرفۆلۆجی ئەو جووتە ڕستانەدا دەردەکەوێت، کە ڕابردوووی کرداری دالی هەمیشە یەک بڕگەییە، بەڵام لە کاتی ڕانەبردوودا بە هۆی گۆڕینی شوێنی هێز، ئەو دوو دەنگە /ن ، ر/ ناچار دەبن، کە بڕگەی یەکەم بەجێ بێڵن و ببنە پارچەی یەکەم لە بڕگەی دووەمدا .

دیسانەوە بە هۆی ئەو زانیارییە هاوبەشانەی، کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، کاتێک شوێنی هێز لە کرداری دالی دا (بۆ کەسی سێیەمی تاک)، لە کاتی ڕانەبردوودا بگۆڕێت و بخرێتەسەر بڕگەی دووەم، ئەوا کردارەکە چەمکی ڕانەبردوویی دەگەیەنێت، واتە گۆڕینی شوێنی هێز لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر، کار دەکاتە سەر کاتی ڕێزمانیی کردارەکە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە هێز(Stress) ڕۆڵی تەنها لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا ڕاناگیرێت.هەندێ لە نووسەران پێیان وایە، کە هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجییە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێ.لەمبارەیەوە بڕوانە: **وریا عومەر ئەمین (2009 : 284– 285)، عەبدولواحید موشیر دزەیی (2014(٢): 121)**، بەڵکو زۆر جار لە سینتاکسیشدا، ئەرکی ڕوونکردنەوەی تاریکی و تەمومژیی سینتاکسی دەبینێت ، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، بڵێین ڕۆڵی ستریس(هێز) ڕۆڵێکی چالاکانەیە و تەنها بە ئاستێکی زمانەوە ناوەستێتەوە و پەلدەهاوێت بۆ ئاستەکانی تریش، لە هەر ئاستێکیشدا ڕۆڵی واتاگۆڕیی دەبینێ.

ئەو نموونانە ئەگەرچی لە ڕووی سیمانتیکییەوە تەواون، بەڵام لە ڕووی سینتاکسییەوە، کاتی کردارەکە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا تاریکە. لە ئاخاوتندا کاتێک کردارە بنەڕەتییەکە یەک بڕگەیی بێت.بۆ ڕوونکردنەوە:((بڕگە: لە ڕووی فۆنەتیکەوە، بەو کۆمەڵە دەنگە دەوترێ، کە لە ناو وشەدا، درکاندنێکی بەرزی هەبێ و بیستەر بە ئاشکرا هەست بەو درکاندنە بەرزە بکات و بتوانێ بە گوێرەی ئەو سنوورەی،کە لە وشەدا هەیەتی لە بڕگەکانی تری جیابکاتەوە.))**(غازی فاتح وەیس (1984): 83)**، ئەوە کردارەکە چەمکی ڕابردوویی دەگەیەنێت. کاتێکیش کردارەکە دەکرێتە دوو بڕگەیی، چەمکی ڕانەبردوویی دەگەیەنێت و هێزی سەرەکیی (') دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم، واتە هەمیشە ژمارەی بڕگەکان لە کاتی ڕانەبردوودا (چ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بنەڕەتی بێت، چ داڕێژراو و لێکدراو بێت)، بە یەک برگە زیاتر لە کاتی ڕابردوودا دەردەبڕێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندی نێوان هێز و برگە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، بە شێوەیەک ژمارەی برگەکان پەیوەستن بە شوێنی هێزەوە، دەربارەی شوێنی هێز لە کرداری داڕێژراودا. **بڕوانە: (یوسف شەریف سەعید (2013): 269)**، ئەمەش هاوکات بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە (کەرەستەی سەرەکیی ئاستی دەربڕینی زمان (دەنگ)ە، ئەو دەنگانەن، کە ئۆرگانەکانی زمانی مرۆڤ بەرهەمیان دەهێنن.)**(محەمەدی مەحوی (2008): 11)**

لە کرداری داڕێژراوی دالیدا بۆ دەمی ڕابردوو هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر پێشناوە فەرهەنگییەکە و کردارە بنەڕەتییەکەش هێزی دووەم وەردەگرێت، بڕوانە (10 – أ) و (11 – أ):

(10) أ– هەڵ'گرد" hal–gird هەڵگرت

ب– هەڵ'گر"د hal–gi–rid هەڵدەگرێت

(11) أ– دا'گرد" da –gird داگرت

ب– دا'گ iر"د da–gi–rid دادەگرێت

لە کاتی ڕانەبردوودا بە هۆی گۆڕینی شوێنی هێزی دووەمەوە، کردارەکە دەبێتە کردارێکی سێ برگەیی، بە هۆیەوە قسەکەر بە مەبەستی گەیاندنی چەمکی ڕانەبردوویی، هێزی دووەم (") دەخاتە سەر برگەی سێیەم، بڕوانە (10– ب) و (11– ب).

لە ئەنجامی ئەم بەشەدا ئەوەمان لائاشکرا دەبێت، کە دەنگی کورتی(بزرۆکە_i)لە زمانی کوردیدا نەک هەر فۆنیمە، هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دەنگی کورت (ی – بزرۆکە) فۆنێم نییە، لەمبارەیەوە بڕوانە:**(سەلام ناوخۆش (2009): 5)**، بەڵکو کەرەستەیەکی (مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی)یە. بڕوانە: **(وریا عومەر ئەمین(2012): 7)**، چونکە لە نووسینی لاتیندا وەکو مۆرفیمێک، ڕۆڵی گۆڕینی کاتی سینتاکسیی دەگێڕێت.

## (٢-٢)دروستەی کرداری (یائی):

بە بەراوردکردنێکی مۆرفۆلۆجییانەی (کرداری یائی) لە هەردوو لە کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوودا، بۆ کەسی (یەکەم)ی کۆ دەردەکەوێت، کە ئەو کردارە لە (ش.خ)دا لە ڕووی فۆرمەوە تاڕادەیەک لەیەک دەچن، بڕوانە یاسای (3) و (4):

یاسای ڕابردووی کرداری یائی = ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو /– ی/ + ج.ک.1 کۆ (یمن/ین)

یاسای (3)

ڕانەبردووی کرداری یائی = ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو /Ø/ + ج.ک.1 کۆ (یمن/ین)

یاسای (4)

(12)أ) دڕ + ی + ین = دڕیین. (ئیمە پارەکە دڕیین/ئێمە پارەکەمان دڕی)

ب) دڕ + Ø + ین = دڕین . (ئیمە پارەکە دڕین/ئێمە پارەکە دەدڕین)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(13) أ) ماڵ + ی + ین = ماڵیین. (ئیمە خانییەکە ماڵیین/ئێمە خانووەکەمان ماڵی)

ب) ماڵ + Ø + ین = ماڵین . (ئیمە خانییەکە ماڵین/ئێمە خانووەکە دەماڵی)

(14)أ) لەرز + ی + ین = لەرزیین. (ئیمە لەرزیین/ئێمە لەرزیین)

ب) لەرز + Ø + ین = لەرزین (ئیمە لەرزین/ئێمە دەلەرزی)

نموونەکانی سەرەوە ئەوەمان لائاشکرا دەکات، کە ئەوەی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو بۆ کەسی (یەکەم)ی کۆ لە نووسیندا جیادەکاتەوە، تەنها ئەو تاکە دەنگەیە (یـ)، کە لە ڕابردوودا وەکو مۆرفی کاتی ڕابردوو /–ی/ بە ڕەگی کردارەکەوە دەنووسێت، کەچی لە ڕانەبردوودا مۆرفی سفر /Ø/بەرامبەری دەوەستێتەوە، واتە لە کاتی ڕابردوودا هەردوو/– ی/ی نیشانەی کاتی ڕابردوو و (یـ)ی جێناوی کەسی یەکەم (ین)ی کۆ یەکدەگرن، کەچی لە ڕانەبردوودا تەنها یەک (یـ) هەیە، ئەویش (یـ)ی جێناوی کەسی یەکەمی کۆ (ین)ە. لە دەربڕیندا ئەو جووتە ڕستانە هاودەنگن. **بڕوانە:دارا حەمید محەمەد(٢٠١٠):١١٧) و محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید (2006 – 64) و مەحمەدی مەحویی (2001(٢): 195 – 199)**، چونکە بە پێی (هاپلۆلۆجی_haplology)ی زمانەکە (ئەم زاراوەیە لە مۆرفۆلۆجیدا بەکاردێت، لە سیاق و وەسفی و مێژووییدا بۆ ئاماژەکردن بۆ لە ناوچوونی هەندێ دەنگ لە دەربڕیندا، کە وەکو یەکن و لە پاڵ یەکن، یان پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجییانەیە، لەوەی دوو مۆرفی لە دوای یەکهاتوو، و بەهەمان فۆرم، یان دوو فۆرمی لێکچوو، کە یەکیان دەکەوێت. بڕوانە:**(سەباح ڕەشید (2009): 11)**)، لە کاتی ڕابردوودا یەکێک لە دوو /–ی/ەکە لەناو دەچێت، بەمەش کردارەکە لە ڕابردوو و ڕانەبردوودا بە (یـ)ی درێژ دەردەبڕێت، ئەمەش وا دەکات لە ئاخاوتندا تەمومژیی سینتاکسیی دروست بکات.

## (٢-٢-١) ڕۆڵی سیاق لە گەیاندنی کاتی ڕێزمانیی (کرداری یائی)دا:

ڕستە وەک یەکەیەکی زمانی نابەرجەستە (مجرد) لە دەرەوەی دەوروبەردا، ئەو مەبەستانەی تێدا بەدەرناکەوێت، بە پێچەوانەی ئەوەی وەک یەکەیەکی ئاخاوتن لە دەوروبەرێکی زمانیدا بەکاربێت، ئەوا ئەو مەبەستانەی تێدا دیار و ئاشکرا دەبێت.**(تالیب حوسێن عەلی (2011): 50)** بەپێی قوتابخانەی ئینگلیزی (سیاق) بەهایەکی گرنگ و تابەتی هەیە، لە دەستنیشانکردنی واتای دانە زمانییەکان و تێگەیشتن لەو دەق و ڕستانەی، کە لێڵ و تاریکن. **(فطومە الحمادی (2008): 1)**، لە ڕاستیدا بە هەند وەرگرتنی شوێنەواری بەکارهێنەری زمانەکە لە پاڵ یاسا و زانیارییەکانی زمان زانەکەدا ناکرێ پشتگوێ بخرێت، لەبەر ئەوەی زۆر جار سیاقی دەربڕین، مانای دانەکە یان ڕستەکە دەباتە خانەی مانای دژەکەی، بە واتایەکی تر لەوانەیە دەربڕینێک شتێک بگەیەنێت، و لەوانەشە دژەکەی بگەیەنێت.**(سەباح ڕەشید (2000): 45)**


ئەم دیاردەیە لە ڕستەکانی (12) و(13) و (13)دا ئاشکرا و دیارە، بە ڕووبەڕووکردنێکی مۆرفۆلۆجیی کرداری ئەو ڕستانە لە دوو کاتی ڕێزمانیی جیاوازدا دەردەکەوێت، کە ئەو کردارانە هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، لە ڕووی فۆرمەوە تاڕادەیەک لەیەک دەچن، لە دەربڕیندا هاودەنگین، بە واتایەکی تر کرداری ئەو ڕستانە لە نووسیندا بۆ دەمی ڕابردوو بە یەک (ی) زیاتر دەنووسرێت، ئەویش /– ی/ نیشانەی کاتی ڕابردووە، لە ئاخاوتندا ڕستەکان تاریکن .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەبەر ئەوەی مەبەستی قسەکەر لەو دەربڕینانەدا نادیارە، ئایا ڕوودانی کردارەکە لە ڕابردوو یان لە ڕانەبردوودایە، هاوکات ژمارەی بڕگەکان و دابەشبوونی هێز لە سەر کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو بۆ (کەسی یەکەم)ی کۆ وەکو یەکن (هاودەنگین)، بڕوانە شوێنی هێز و ژمارەی بڕگەکان لە ڕابردوو و ڕانەبردووی کرداری (چیمن/چوون) لە وێنەی (3) و (4)دا:




وێنەی ژمارە (3)، هێڵکاریی ڕابردووی کرداری (چییمن/چووین) لە ناو ڕستەدا



وێنەی ژمارە (4)، هێڵکاریی ڕانەبردووی کرداری (چیمن/دەچین) لە ناو ڕستەدا

بە هەمان شێوە ئەگەر بۆ جێناوی کەسی یەکەمی کۆ (ین) بەکار بهێنین، بڕوانە (چیین/چوون) و (چین/دەچن) لە وێنەی (5) و (6)دا .




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

وێنەی ژمارە (5)، هێڵکاریی کرداری ڕابردوو (چیین/چوون) لە ناو ڕستەدا



وێنەی ژمارە (6)،

هێڵکاریی کرداری ڕانەبردوو (چین/دەچن) لە ناو ڕستەدا

خشتەی ژمارە (٣)

| ڕستەی ڕابردوو | ڕستەی ڕابردوو |
|---|---|
| ئیوە لەرزیین/ ئێوە لەرزین<br>/'لەر''/زیین/ | ئیوە لەرزین/ ئێوە دەلەرزن<br>/'لەر''/زین/ |
| نامەگە دڕیین/ نامەکەتان دڕی<br>/'ڕیین/''i/د | نامەگە دڕین/ نامەکە دەدڕن<br>/'ڕین/''أد/ |
| مێزەگە سڕیین/مێزەکەتان سڕی<br>/'ڕیین/'' أسـ/ | مێزەگە سڕین/ مێزەکە دەسڕن<br>/'ڕین/'' أسـ/ |
| زەوییەگە ماڵیین/ زەمینەکەتان ماڵی<br>/'ما''/ڵیین/ | زەوییەگە ماڵین/ زەمینەکە دەماڵن<br>/'ما''/ڵین/ |
| ئیوە لەرزیین/ ئێوە لەرزین<br>/'لەر''/زیین/ | ئیوە لەرزین/ ئێوە دەلەرزن<br>/'لەر''/زین/ |

وەک لە وێنەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە کاتی (ڕابردوو و ڕانەبردوو)ی کرداری یائی بۆ کەسی (یەکەمی کۆ) لە ئاخاوتندا هاودەنگن، ژمارەی بڕگەکانیان وەکو یەکن، بەڵام هاوپیت نین، بڕوانە خشتەی (3)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

جیاکردنەوەی ئەم دوو کاتە ڕێزمانییە (ڕابردوو و ڕانەبردوو) لەم ناوچەیەدا، لە ڕێگەی سیاقی ئاخاوتنەوە دەبێت، واتە لە کردەی قسەکردندا، شێوەی پرسیارەکان کاتی ڕێزمانی ڕستەکە دیاری دەکات ::

(15)أ- ئیوە چە کەن؟ (ئێوە چی دەکەن؟)

ب- ئێمە چین ئەرا بازاڕ . (ئێمە دەچین بۆ بازاڕ.)

(16) أ- ئیوە چە کردین؟ (ئێوە چیتان کرد؟)

ب- ئێمە چیین ئەرا بازاڕ . (ئێمە چووین بۆ بازاڕ.)

ڕستەکانی (15 – ب) و (16 – ب) ئەگەرچی لە دەربڕیندا هاودەنگن، بەڵام گوێگر بە پێی سیاقی ڕستەکە دەتوانێت، کاتی ڕوودانی کردارەکە دیاریی بکات، چونکە کاتی گفتوگۆکە سنووری کاتەکە دیاری دەکات، کەواتە (سیاق) ئەگەر توانای ڕەواندنەوەی تەم و مژییەکەشی نەبێ، ئەوا ئەگەرە زۆرەکانی دەرەوەی سیاقەکە کەم دەکاتەوە، بەمەش دەچێتە خانەیێکی تەسکەوە، و لەوانەیە بە ڕێگایەکی تر ڕوون بکرێتەوە).**(سەباح ڕەشید(2000): ٤٧)**، بە تایبەتی ئەگەر بێت ئەو جۆرە پرسیارانە لە ڕێگەی نووسینەوە بکرێت، وەک ناردنی نامەیێک لە ڕێگای (مۆبایل، ماسنجەر، یان هەر هۆکارێکی تر)ەوە، ئەوا زۆر جار ناچار دەبین پەنا ببرینە بەر ئاوەڵکرداری کاتی، بڕوانە (17) و (18).

(17)أ- دوێکە مێزەگە سڕییمن. (دوێنێ مێزەکەمان سڕی.)

ب- ئیسە مێزەگە سڕیمن. (ئێستا مێزەکە دەسڕین.)

(18)أ- دوێکە خانییەکە ماڵیین. (دوێنێ خانووەکەمان ماڵی.)

ب- ئیسە خانییەکە ماڵین. (ئێستا خانووەکە دەماڵین.)

لە کۆتایی ئەم کارەماندا دەردەکەوێت، کە ڕستە نەک هەر لە زمانی کوردیدا، بەڵکو لە هەموو زمانەکانی جیهاندا پشت بە هەردوو دارشتەی دەنگ و واتا دەبەستن، بۆ لێکگەیشتن و ئەم لێکتر تێگەیشتنەش تەنها لەو بارەدا ڕوونادات، کە ڕستەکان لە ڕووی دروستەی سینتاکسییەوە ڕاست بن و مەرج و یاسا و پرنسیپەکانی ئاستی سینتاکسییان جێبەجێکردبێت، بەڵکو ڕستەکان دەبێت لە ڕووی دارشتەی سیمانتیکیشەوە، دروستە و واتاکانیشیان دروست و ڕاستبن و پەیوەندی وابەستەگی واتایی لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەیەک و ڕستەکانی زمانێکدا هەبن.**بەکر عومەر عەلی و ئاڤیستا کەمال مەحموود (2009 : 27)**. ئەم هەموو مەرجانە لە ڕستەکانی سەرەوەدا دەبینرێن، واتە لە ڕووی دروستەی ڕێزمانیی و دارشتەی سیمانتیکییەوە تەواون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕستانە لە ڕووی کاتی ڕێزمانییەوە تاریکن. ئەو تەمومژییە تەنها لە ڕێگەی دەوروبەری زمانییەوە دەرەوێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئەنجامەکان:

گرنگترین ئەنجامەکانی باسەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١- سینتاکس و پراگماتیک دوو زانستن و تەواوکەری یەکترن و لێکۆڵینەوە لە هەریەکەیان بێ ئەوەی تر تریان کارێکی ناتەواو دەیێت و لە زۆر باریشدا بێ ئەنجام دەبێت، بە واتایەکی تر بۆ لێکگەیشتن دەبێت ڕستەکان لە ڕووی دروستەی سینتاکسیی و واتاسازییەوە تەواو بێت و پشت بە هەردوو داڕشتەی دەنگ و واتا ببەسترێت.

٢- لەم شێوەزارەدا، یەک دەستە جێناوی سەربەخۆ و دوو دەستە جێناوی کەسیی لکاو هەن، دەستەی یەکەم (م – یمن)، هەمیشە بە کۆتایی کردارەکەوە دەنووسرێت و تەنها ئەرکی (بکەر – جێگری بکەر) دەبینێت و دەستەی دووەم (م – مان)، هەرگیز بە کۆتایی ڕەگی کردارەوە نانووسرێت، بەڵکو لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا دێت و هەموو ئەرکەکانی بەجێ دێنێ، واتە یاسای گواستنەوەی کلیتیکیان نییە .

٣- لە دروستەی کراری (دالی) و (یائی)دا دەوروبەری زمانی، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گەیاندنی کاتی ڕێزمانیی کرداردا، چونکە کاتی ڕێزمانیی کردارەکان بە دەوروبەرەوە بەستراون، بەم شێوەیە :

أ- لە کرداری دالیدا، بۆ کەسی سێیەمی تاک، یاساکانی دروستەی ناوەوەی کردارەکە، دەبێتە هۆی دروستبونی لێڵی و تەمومژیی، لە کاتی ڕوودانی کرداردا. ئاخێوەر لە ڕێگەی گۆڕینی شوێنی هێزەوە، ئەو تەمومژاوییە ڕوون دەکاتەوە، واتە هێز لەم بارەدا، وەکو مۆرفیمێکی ڕێزمانی هەڵسوکەوت دەکات.

ب- هاوکات لە کرداری یائیدا، بۆ کەسی یەکەمی کۆ، یاساکانی دروستەی ناوەوەی کردارەکە، دەبێتە هۆی دروستبونی لێڵی و تەمومژیی لە کاتی ڕوودانی کردارەکەدا، ئەو لێڵی و تەمومژییەش، تەنها لە ڕێگەی سیاقەوە دەڕەوێتەوە. زۆر جاریش بۆ ئەم مەبەستە ئەدڤێربلەکانی کات، وەک (ئێستا، بەیانی ... هتد) بەکار دەهێنرێت .

٤- نووسینی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی، باشترین ڕێگایە بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژیی سینتاکسیی لەم ناوچەیەدا، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەلفوبێی عەرەبی، چونکە بوونی نیشانە یان هێما بۆ بزوێنی کورت ( i – ی) لایەنە تاریکەکانی ڕووناک دەکاتەوە.

٥- ڤاوڵی (ی (i – کورت – بزرۆکە، لە زمانی کوردی کەرەستەیەکی (مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی)یە، بەوەی وەکو مۆرفیمیک ئەرکی گۆڕینی واتای سینتاکسیی دەنوێنێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The role of linguistic context in conveying the syntactic meaning of the verb ""in Khanaqeen sub_dialec

**Muhammed Majeed Saeed**
Kurdish Language Department ,College of Education , University of Garmian, Garmian, Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: muhammed.majeed@garmian.edu.krd

**Qais Kamal Ahmed**
Ministry of Education, Khanaqeen education directorate. ASTERA .Preparatory School for Girls, Garmian, Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: qays.kamal9@gmail.com

**Abstract**:
In the first part, the researcher determined the personal pronouns in the dialect of Khanaqeen: one group of separate pronouns and two groups of attached pronouns. The position and function of each pronoun is explained.

The second part deals with the theoretical aspect of verb formation. The relation between the lexical and syntactic structure of the verb is indicated. The study has revealed that the linguistic information of the verb is organized and accumulated in the lexical items. Later this linguistic information interacts to form the external syntactic structure of the verb within the frame of the phrase and sentences.

The third part also deals with the role of linguistic context due to its central role in determining the tense of verbs and sentences in the dialect of Khanaqeen.

**Key words:** context, syntax, verb, pragmatics, Tense.

# دور السياق اللغوي في ايصال المعنى النحوي للفعل "في لهجة خانقين"

**محمد مجيد سعيد** قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة گرميان، گرميان، اقليم كردستان،عيراق.

**قيس كمال احمد** وزارة التربية، مديرية تربية خانقين، اعدادية استيرة للبنات، گرميان، اقليم كردستان،عيراق.

**ملخص البحث :**

**المحور الاول:** منه تم تحديد الضمائر الشخصية في لهجة خانقين، حيث حدد الباحث مجموعة واحدة من الضمائر المنفصلة و مجموعتين من الضمائر المتصلة، بالاضافة الى موقع و وظيفة كل ضمير.

**المحور الثاني**: تناول الباحث الجانب النظري من تكوين الفعل، حيث تم اظهار العلاقة بين الهيكلية المعجمية و الهيكلية النحوية للفعل، حيث أظهر الدراسة بأن المعلومات اللغوية للفعل ترتب و تتراكم في العناصر المعجمية و من ثم يتفاعل المعلومات اللغوية لصياغة التكوين النحوي الخارجي للفعل ضمن أطار العبارة و الجملة.

**المحور الثالث**: تم التطرق الى دور السياق اللغوي (النبرة) و (سياق المحادثة) بأعتباره الركيزة الأساسية لتحديد أزمنة الأفعال و الجمل في لهجة خانقين.

**كلمات الافتتاحية :** سياق، النحو، فعل، براغماتيک، وقت.

## سەرچاوەکان


ئومێد بەرزان برزۆ (2006)، ڕێزمانی جێناو لەشێوەزاری خانەقیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1976)، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا.

بازیان یونس محێددین (2013)،پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریانی ، چاپی یەکەم، هەولێر.

بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین (2013)، دەوروبەری زمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (42).

بەکر عومەر عەلی و ئاڤیستا کەمال مەحموود (2009) ، پەیوەندیی سیمانتیک و لۆژیک لە ڕستەی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (26).

تاڵیب حوسێن عەلی (2014)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، گۆلێژی زمان/زانکۆی سلێمانی .

سەباح ڕەشید قادر (2009)، تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە(42).

سەلام ناوخۆش (2009)، ئەلفبێی کوردی بەشێک لە ئاسایشی زمانی کوردی دەگەیەنێت ، هەولێر، گۆڤاری زمانناسی ، ژمارە(3).

غازی فاتح وەیس (1984) ، فۆنەتیک ، چاپی یەکەم ، بەغدا.

قەیس کەمال ئەحمەد (2015)، سینتاکسی داڕشتنی کرداری داڕێژراو لە شێوەزاری خانەقیندا، نامەی ماجستێر،زانکۆی سلێمانی.

محەمەدی مەحویی (2001)(١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

محەمەدی مەحویی (2001)(٢)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی (2008)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی (فۆنەتیک) ،بەرگی یەکەم ، سلێمانی.

محەمەد مەعروف فەتاح (1990)، زمانەوانی، دار الحکمە للطباعە والنشر، هەولێر.

محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (2006)،چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی،چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

عەبدولواحید موشیر دزەیی (2012) ، شیکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عەبدولواحید موشیر دزەیی (2014)(٢) ، ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.

عەبدولواحید موشیر دزەیی (2014)(١) ، زانستی پراگماتیک ، هەولێر.

وریا عومەر ئەمین (2009) ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

وریا عومەر ئەمین (2012) ، مۆرفۆفۆنۆسینتاکس، گ.ئەکادیمیای کوردی،ژ (23)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

یوسف شەریف سەعید (2013) ، کرداری لێکدراو ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

احمد مختار عمر (1998)،علم الدلاله، الگبعه الپانیه، القاهره .

امال السید محمد الامین (2016)، انواع السیاق فی القران الکریم، مجله جامعه الناصر، العدد السابع .

فطومه لحمادی (2008)، السیاق و النص – استقصاو دور السیاق فی تحقیق التماسک النصی– مجله کلیه الاداب و العلوم الانسانیه و الاجتماعیه، العددان الپانی و الپالپ، جامعه محمد خیچر – بسکره –، الجزائر.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

فوزيه طويرات(٢٠١٦)، السياق و تجليات تطبيقه فى القران الكريم، رساله الماجستير، جامعه محمد بوضياف – المسيله– كليه الاداب و اللغات.

احسان قبول (1394)، اموزش نوين زبان فارسى، چاپ و نشر ياسين، چاپ سوم.

تێبینی: ئەو بەرنامەی وێنەی گۆکردنی دەنگەکانی پێ دروستکراوە ناوی (Adobe sound booth)ـە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020